# سلمی کۆمەڵایەتی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە

محمد حسین



چوار ساڵی ڕابردوو پارەیەکی زۆر و بێ پێشینە هاتە کوردستانەوە , هەڵایسانێکی کەم وێنەی لەمێژوی بازاڕی کوردیدا دروست کرد و تەکانێکی گەورەی بەژمارەی ملیاردێرەکانی کوردستانیشدا , بەڵام هاوکات نیگەرانیەکی زۆریشی دروست کردووە لای ئەو کەسانەی خەمی ژیانێکی ئاسایی و هێمن و نۆرماڵیان هەیە لەکوردستاندا , لەبەرئەوەی پارە وەك چۆن ئەشێت یارمەتی دروستکردنی ئارامی و بەختیاری ژیانی کۆمەڵایەتی بدات , ئاوەهایش دەکرێت ژیان وێران بکات , یان ژیانی پێ وێران بکرێت , گەر سیستەمێکی ئابوری بەهێز و کراوەو ئازاد و شەفاف نەیخاتە گەڕو ئاڵوگۆڕی پێ نەکات . تارماییەکانی ئەم نیگەرانیە گەلێك باس و گفتوگۆی هەمەجۆری دروستکردووە , ئەم نوسینەیش هەنگاوێکە بۆخوێندنەوە و خستنە بەرباسی دیوێکی تری هەستیاری ئەم نیگەرانیە , کە بریتیە لەو مەترسیانەی تێکچونی سلمی کۆمەڵایەتی کوردستان لەسایەی ئەم دۆخە ئابوریەدا ڕوبەڕومان ئەکاتەوە .

خراپ دابەشکردنی داهات و ئفلیجی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەبازاڕ و ئابوری کوردستان , کۆی ئەو گرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە ئەشێت لەژێر ناونیشانی گەندەڵیدا کۆبکرێتە , بەلای کەسەوە تازەو نامۆ نیە , کەس نیە ڕۆژێکی ژیانی خۆی لەم وڵاتەدا تێپەڕێنێت و شتێك نەڵێت , یان نەبیسێت , لەسەر گەندەڵی , چونکە ئەم گرفتە لەکوردستاندا لەوە دەرچووە هەروا لەبەردەم پرسیارە سەرەتاییەکاندا بمێنێتەوە , بەڵکو گەیشتۆتە قۆناخی تەقینەوەی دومەڵەکانی , گەیشتۆتە ڕادەیەك کە پێویستە ئیتر چاوەڕێی دەرهاویشتە کارەساتبارەکانی بکەین , وەك ئەوەی کە مانشێتەکەی * ژمارە 409ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی نیشانی داین , بەڕاستی سەرەتای مەترسیەکی ڕاچڵەکێنەرە , مەترسیەك هەڕەشە لە تێکچونی سلمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی ئەکات . چونکە ئەو دۆخە ئابوریەی ئەو ڕاپۆرتە نیشانمان ئەدات مەحاڵە لەسایەیدا هیچ سەقامگیریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرقەراربێت , مادام چواریەکی بوجەی هەرێمی کوردستان ئەدرێتە 678 بەرپرسی باڵا , کەواتە ئێمە لەچاوەڕوانی تەقینەوەی کێشەکانی ( کۆمەڵگای زۆرینە هەژار و کەمینە ملیۆنێر ) دا ئەژین , لەدواهەنگاوەکانی وێرانکردنی چینی ناوەڕاستداین , کە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیادا بەبێ ئەم چینە سلمی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی و ئابوری دروست نەبووە و نایشبێت .

دادپەروەری لەدابەشکردنی سامان و داهاتی وڵاتدا , هاودەرفەتی و یەکسانی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا , ڕێکخستنێکی ئازاد و عادیلانەی ژیانی ئابوری و بازاڕ , لە بنچینە سەرەکیەکانی سلمی کۆمەڵایەتین , ئەوانەی پێیان وایە سلمی کۆمەڵایەتی بەدەزگای داپڵۆسێنەرو کوتەکی پۆلیسی دابین ئەبێت , یان بەتۆڕە موخابەراتیەکانی ڕاپۆرتنوسینی ڕۆژهەڵاتیانە و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن ئەسەپێنرێت , بۆخۆیان گەورەترین مەترسین لەسەر سلمی کۆمەڵایەتی وڵات . دەسەڵاتی بەعس لەعێراقدا لەو جۆرە ئەزمونانە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەئاگر و ئاسن سلمی کۆمەڵایەتی دابین کردبوو , بەڵام هەموومان چارەنوسی بەعس و دواتریش کۆمەڵگای عیراقیمان بینی بەدەستی بەعسەوە چی بەسەر هات . چونکە سلمی کۆمەڵایەتی بەرلەهەمووشت بەسیاسەتی دروستی ئابوری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بەدی ئەهێنرێت , هەر گروپ و هێزێکی سیاسیش نەیتوانی لەڕێگای سیاسەتە دروستەکانیەوە دابینی بکات , هەمیشە دوای تێکچونی

سلمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی , دوای ئەوەی ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەی ئەکەوێتە مەترسیەوە , هەست ئەکات پێویستە خۆی بپارێزێت , رۆژگارێك کە ئیتر کاتی خۆپاراستن بەسەر چووە . هەر بۆیە هەمووجارێك دوای تێپەڕبونی دەرفەتەکان , دوای تێکچونی سەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵات , دەبینین هەموو خەمێکی ئەم دەسلاَتدارە گەندەڵانە ئەبێتە ئەوەی کە چۆن خۆیان لە زۆرینەی هاووڵاتیە هەژار و برسیەکانی وڵاتەکەی خۆیان بپارێزن ! , لەجیاتی ئەوەی لەخەمی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیدابن , هەموو خەمێکیان دەبێتە پاراستنی (ئاسایشی کورسیەکانیان ) لەبەرامبەر هاوڵاتیە هەژار و ناڕازیەکانیان .. کەواتە ئەو حکومەتەی ناتوانێت سلمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی خۆی دابین بکات , ئەبێت ئامادەبێت دواتر لە شەڕی کۆمەڵگاکەیدا قاچە لەرزۆکەکانی کورسیەکەی خۆی بپارێزێت .

ئەزمونی سیاسی و ئابوری ئەو وڵاتە گەندەڵانەی سالآنە لەریزی پێشەوەی راپۆرتەکانی رێکخراوی شەفافیەتی جیهانیدا دێن , ئەو ڕاستیە زۆر سادەو سەرەتاییەمان نیشان ئەدات کە نادادی لەدابەشکردنی داهات و سامانی وڵاتدا هەمیشە گەشەکردنی بزوتنەوە توندڕەوەکان , شەڕی ناوخۆ , تێکچونی باری ئاسایش , پەرەسەندنی مافیاکانی ئابوری کرمینالی , تێکچونی شیرازەی کۆمەڵایەتی لێ ئەکەوێتەوە . مادام چواریەکی بوجەی هەرێمی کوردستانیش 678 کەس لە بەرپرسە باڵاکان ئەیخوات , مەحاڵە هەرێمی کوردستان بتوانێت وەکو کۆمەڵگایەکی ئارام و تەندروست ژیانێکی نۆرماڵ بژی , چونکە خەڵکی کوردستانیش وەك هەر میللەتێکی تری زیندوی ئەم دنیا کاردانەوەی خۆی ئەبێت دژی ئەم سەرگەردانیە ئابوریە , مەحاڵە میللەتێك ئەزمونی گەڕەکە فیرعەونیەکان و گەڕەکە تەجاوز و میللیەکانی هەبێت هەر وا بێ دەنگ دانیشێت , ئەگەر تائێستایش لەکوردستاندا تەیارێکی سەدر دروست نەبووە , یاخود رێکخراوەکانی قاعیدە نەبونەتە خاوەن بنکەیەکی بەهێزی جەماوەری , لەبەر ئەوە نیە کە زەمینەی گەشەکردنی ئەم جۆرە هێزە توندڕەوانە لەبارنیە , بەڵکو لەبەر ئەوەیە خەڵکی کوردستان تەواو ماندو بێ تاقەت بووە لەبەشداری سیاسی , ئەگینا ئەزمونی (گەندەڵۆکراتی) هەرێمی کوردستان , لەهەناوی خۆیدا تۆوی قاعیدەو تەیاری سەدرو هەموو توندڕەویەکی هاوشێوەی هەڵگرتووە . بەڵام مەرج نیە نەوەی نوێ و داهاتوی ئەم وڵاتە هەروا لەم خوێنساردیە سیاسیەدا بمێنێتەوە , ئەو نەوەی لە ئەمڕۆوە لەکۆمەڵگای کوردیدا پێ ئەگات هەڵگری ئەو بیزاریە نیە کە باوکانیان لەشکست و نەهامەتیەکانی ئەزمونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بینویەتی , بۆیە پێویستی بەکەناڵێکە بۆئەوەی رق و تورەیی ژیانی پڕ نەهامەتی و کولەمەرگی خۆی پێ بەتاڵبکاتەوە , پێویستی بە ئایدۆلۆجیایەکە بۆئەوەی مۆبیلیزەی تۆڕەییەکانی بکات دژی ئەو 678 بەرپرسەی چواریەکی بوجەی وڵاتەکەیان خواردووە . کەواتە ئەزمونی سیاسی هەرێمی کوردستان بەم نادادیە ئابوریەی ئەمڕۆیەوە , تۆوی ئاژاوەو ناسەقامگیریەکی ترسناکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا چاندووە .

نەگبەتی خەڵکی کوردستان ئەوەیە هەمیشە رۆحسوکانە ئامادەبووە باجی هەڵەی (رجل الدولە )statesman کانی بدات , بۆرۆژێك نەهاتووە لە هەڵەو شکستەکانیان بپرسێتەوە , بەدڵنیایەوە لەکێشە ئایندەییەکانی ئەم وڵاتەیشدا هەروا زۆرینەی بێدەنگی ئەم خەڵکەیە باجی هەڵەکانی ئەم سەرکردایەتیە ئەدەن , لەهەر ناسەقامگیریەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشدا , هەروا ئەم زۆرینە بێدەنگ و زیانمەندەی ئەزمونی دەسەڵاتی کوردیە چارەنوسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریان ئەکەوێتە مەترسیەوە .

muhemedhusen@yahoo.com

……………………………………………

* لەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا ڕاپۆرتێك بڵاوكراوەتەوە ئەوە دەرئەخات كە 25 ٪ ی بوجەی هەرێمی كوردستان ئەدرێتە 678 بەرسی باڵا و هەر ئەم زانیاریەش بۆتە مانشێتی ڕۆژنامەكە.